کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:03 30-12-2006

# شەهێن صابر ڕەحیم: نیگەرانم بەمێینەیی خۆم ... دیداری / مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



ئەو نیگەرانە بەمێینیەتی خۆی لەبەر ئەوە دەڵی: ئاستەنگێکی زۆری بۆ دروست کردووم و هۆکارەکەشی بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێنمەوە، لەبەر ئەوەی وەکو پێویست ناتوانم ئەوەی مەبەستمە بەئەنجامی بگەیەنم، چونکە کۆمەڵگاکەم پیاو سالارییەو، ئەو ئاماژە بەمێینەیی خۆی دەدات...

ئەمەی سەرەوە نیگەرانیەکانی خاتوو (شەهێن ێابر ڕەحیم) ە، کەپێشتر خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارێکی هەمەڕەنگی گشتی بووە بەناوی (21)، بەلام لەهەمان کاتیشدا لەخۆیی و رەگەزەکەی خۆی رازییەو دەڵی:ئەوەندە رازیم کەبتوانم وەکو مێینەیەك هاوکاری هاو رەگەزەکەم بکەم و کار بکەم بۆ لەناو بردنی کۆمەڵی دەستەواژەی هەڵەی ناو کۆمەڵگاکەم کەخۆی لەعەقڵیەتی کۆنەپەرستی و نەزانیدا دەبینێتەوە.

شەهێن زۆر راشکاوانە وەڵامی چەند پرسیارێکی دوالاپەرەی شەقامی دایەوە، ئەو ئێستا لەبەرێوەبەرایەتی کاروباری هاوڵاتیان لە وەزارەتی ناوخۆ سلێمانی کاری فەرمانبەرێتی دەکات کاتی لێمان پرسی:

ـ وەك رۆژنامەنووسێك و خوێنەری بەردەوامی رۆژنامەی ژنان راو بۆچوونی لەسەر ئەو رۆژنامانە چیە کەرەگەزی می دەری دەکەن؟

وەڵام//: کاتی دەیان خوێنمەوە هەست بەبوونی می دەکەم و مایەی شانازیمە کە لێدوانەکان قەڵەمی ژنان خۆیانن، بەڵام خۆزگە پیاوانیش بەبروای تەواوە سەیری رۆژنامەکانیان دەکردوو، ناوەرۆکەکانیان کاریگەری تەواویان لەسەریان هەبوایە، تاچیتر بەچاوی کەم سەیر نەکرێن.

ـــ تۆ چۆن لەژیان دەڕوانیت؟

وەڵام / وێرای ئەو بارە ناهەموارو ناهاوسەنگیەی ژیان بەڵام باوەشی نیشتمانەکەم بەسۆزترو گەرمترە لەهەر جێیەکی تر.

ـــ چ جیاوازیەك لەنێوان ژن و پیاودا دەبینی؟

وەڵام:/ هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، وەك جیاوازیش جگە لە جیاوازی جەستەیی هیچی تر نابینم.

ـــ بۆچی گۆڤاری (21) وەستا؟

وەڵام // گۆرانکاریەکان بەگشتی تووشی دابڕانی کردین، دواتر ئێستا خوێنەر هەلی باشتری لەبەردەم دایە ئەویش رۆژنامەی ئەلکترۆنی و ئینتەرنێتە.